www.kurdistannet.org 12-9-2002

# کۆمیدیای ئیسلامیست و عەلمانی کوردی

## (چەند پەراوێزێك بۆ وەڵامدانەوەی مەلا کرێکار/ بەشی یەکەم)

ئیسماعیل حەمەئەمین

14. April 2002

بەڕێزان ئەم گوتارە و گوتارێکی دیکەم بەنێوی (ئاین لەنێوان لێبوردن و توندوتیژیدا) لەوەڵامی چاوپێکەوتنێکی هەفتەنامەی (هاوڵاتی) لەگەڵ بەڕێز مەلا کرێکاردا لە مانگی چوار (ئاپریل) دا نووسی ، دەبوایە ئەم دووگوتارە لەکاتی خۆیدا و وەك ترادیسیۆنی باوی ڕۆژنامەنووسی بلاوبوایەتەوە، بەلام بۆماوەی مانگێك گوێچکەی کەڕ درا بە وەڵامەکان، چەند جارێك بەئیمێل بۆم ناردن ودوای ڕوونکردنەوەم لێکردن کەچی بیروکراتیەکێکی ڕۆژنامەنووسی تێکەڵ بە غرورێکی نارۆشنبیرانە لەو دیوو ئەو بێدەنگیەوە وەستابوو، بەلام هەر بێدەنگیم هەڵبژارد و تاوەکو هاوڕێی شاعیرم هیوا قادر گەڕایەوە بۆ سلێمانی بەمانای چوار مانگ دوای ناردنی یەکەمی گووتارەکان، لەوێ هیوا بەدەستی وبەشەخسی هەردوو گوتارەکەی دابووە دەستیان پێش هەفتەیەك لەمەوبەر پێیان گووتبوو داوی لێبوردن دەکەین بابەتەکان زۆر دووروودرێژە ناتوانین بلاوی بکەینەوە!!، دیارە ئەم حونجەتە تازە نیە ، لەوەتەی ڕۆژنامەی عێراق هەیە کەنەیەوێت بابەتێك لەبەر جیاوازی بیروڕاو فکر بلاوکاتەوە ئەم حونجەتە کۆنە لەچەکمەجەکانی بیروکراتیەتی ڕۆژنامەکانیان دەردەهێنن و مەسەلەکان بەم حونجەتە ناشرینە کۆنینەیە دادەپۆشن ـ بەتاییەت کاتێك بەرامبەر نوسەرێك ببنەوە کەنەتوانن هەڵەی زەقی دیکەی زمانەوانی یاوەکو فۆرمولەی لێبدۆزنەوە، بەهەرحاڵ دەبوایە هاوڵاتی کەڕۆژنامەیەکی ڕادیکاڵە و کاری زۆر چاکی بەئەنجامگەیاندووە حونجەتێکی دیکەی بدۆزیاتەوە، هەرچەندە مامەلەکردن لەگەڵ دەقدا مەرجێکی گرنگی کاری ڕۆژنامەوانی نوێیە، ئەمە جگەلەوەی ئاگادارکردنەوەی نوسەری بابەتەکان بەوەی بابەتاکانیان بلاو دەبێتەوە یان نا ساکارترین ئەرکە بۆ ڕۆژنامەیەك، بەتاییەت ڕۆژنامەیەك کە تۆزێك ڕادیکاڵ بێت و بیەوێت لەکێشە کۆمەلایەتکاندا جۆرێك ڕێڕەوە و ڕەخنەی تازە بەرهەمبهێنێ ، من زۆر غەمبارم کەماوەیەکە قەربالغیەکی سەیر دەبینیم لەو ڕۆژنامەیە کەسەرەتایەکی باشی دەستپێکردبوو.

ئەوەی زێدەتر غەمباری کردم ئەوە بوو بۆچی ئەوانەی بەتەشەرە و ئەگرەسیڤیەتەوە وەلامی کرێکاریان دایەوە و تۆزێك لەسەر حسابی کرێکار و ئیسلامیزم خۆیان پۆشتاکردەوە بە بەرگی مۆدێرنە وسکولاریستی، ئەوانە وەڵامەکانیان بلاوکرایەوە و گوتارەکانی من نا؟؟.. سەیرە من ئێستا بیر لەو قسەیەی کرێکار دەکەمەوە کە لە چاوپێکەوتنەکەدا گاڵتەی بەدیموکراسی و عەلمانیەت دەکرد، کامە دیموکراسی وکامە عەلمانی !! من دیسانەوە دووبارەی دەکەمەوە کەکرێکار ڕاست دەکات !! ڕاست دەکات جیاوازی چیە لەنێوان ئەوەی تۆ گەر مەلائەیوبێکی ئەفغانی گوتارێکی سەد لاپەڕەیت بۆ بنێرێت بەسەدجاریش بێت بۆی زنجیرە بەند دەکرێت و بەزنجیرە بۆ ی بلاو دەکرێتەوە، یاوەکو هەر مەسئولێکی نەخوێنداوەر بێت کەزۆربەی ئەو گووتارانە پڕێتی لەهەڵەی ڕێنووس جچای تەشەنەو پەیڕەو نەکردنی بچوکترین پرنسیبی تێگەیشتن( بۆنمونە ئەو هەموو ناتێگەیشتنە سەیرەی ڕامیار مەحمود دەربارەی چاوپێکەوتنەکەی فاروق ڕەفیق کەخۆم لەزۆر خاڵدا لەگەڵ فاروقدا نیم بەلام بێ ڕەچاوکردنی ئەو هەموو گوتارە فیکری وفەلسەفیانەی فاروق لەوەو بەر بلاویکردنەتەوە و بێڕەچاوکردنی ئەو باگراوەندەفەلسەفیە گەورەیەی فاروق هەیەتی، تۆمتەبارکردنی ئەو زاتە بەئیسلامیەت جگە لەتوڕەبوونێکی مەشروعدار نەبێت هیچی دیکە هەڵناگرێت)، کەچی ئەو تۆمەتبارکردنە بلاو دەکرێتەوە و گوتاری دیکە کەلەچەند دیدێکی چیرۆکنووسانە یاوەخود چەند دیدێکی هەمەلایەنی دەربارەی مۆراڵ ولێبوردن و تۆلەرانس بلاو ناکرێتەوە بەحونجەتی دووردرێژی !!، کرێکار ڕاست دەکات کامە سکولاریزم کەئەمە مامەڵەی ڕۆژنامەیەکی بەنێو ڕادیکاڵ بێت، ڕۆژنامەیەك لەوانەیە لەدەرکەوتنیدا زۆر بێلایەن و ڕادیکاڵ دەرکەوێت ، بەلام لەمامەڵەدا هەمان میتۆدی کۆنینەیە و بەشەرمەوە و وردە وردە خۆی لایەنباز دەکات بە چەند ڕێڕەوێکی دیاریکراو کەهێشتا شێوەکانی دیارنین ، هەروەکو ئەوەی ڕاکردنی نووسین ودەقی ڕۆژنامەیی بۆ نێو کۆشی سیاسەتێکی دیاریکراو و کەوتنە نێو چاڵی ئیسلامیەتی مامەڵەکردن تەکیە ودیوەخانانە ومەحسوبیەت لەگەڵ دەقدا قەدرێکی غەمباری ئێمەبێت .. بەداخەوە من زۆر غەمبارم..

ئێستاش ئەم گوتارانە وەکو خۆی دەخەمە بەر دیدی خوێنەران، بێدەستکاری و ڕتووش ن وەکو چۆن چوار پێنچ مانگ لەمەوبەر بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتیم نارد...

ئیسماعیل حەمەئەمین

ئەڵەمانیا ٤ ڕیلول ٢٠٠٢

# کۆمیدیای ئیسلامیست و عەلمانی کوردی

(چەند پەراوێزێك بۆ وەڵامدانەوەی مەلا کرێکار/ بەشی یەکەم)

ئیسماعیل حەمەئەمین

14. April 2002

لەوانەیە سەیر بێت لای زۆربەی خوێنەران کەبلێم چاوپێکەوتنەکەی هەفتەنامەی (هاوڵاتی) لەگەڵ بەڕێز مەلاکرێکار دا سەرسامی کردم و جوڵاندمی بۆ گفتوگۆیەك لەمەڕ چەندەها بەها و پێناسەی جوداواز بەشێکی لەم کورتە گوتارەدا تاوتوێی دەکەم ، چونکە بەڕاستی ئەو گفتوگۆیە نەك تەنها لایەنێکی سیاسیانەی ڕووتی لەخۆگرتووە ، بەڵکو لەپشتیشیەوە کۆمەڵێ کێشەی گەورەی کلتوری سیاسیمان پێچەوانە دەکاتەوە.

من کەباس لەکلتوور دەکەم مەبەستم کلتورە بەهەموو مانا قوڵە ئەبستیمیە، چەمکسازیەکەی کەپێناسەکردنی هەمەلایەن و هەمە وتووێژە. کلتوری سیاسیش پەیوەندیەکی پتەوە بەو کلتورە گشتیەوە کەسەرجەم ژیانی زیندەگیانەی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و هۆشمەندی گشتیمان پێك دێنێ، کلتووری سیاسی پابەندە بەو کلتورە گشتیە کۆمەڵایەتیەوەو کاریگەری پێچەوانەیان هەیە بۆ سەر یەکتری، کلتووری سیاسی شێوەیەکی ئەو کلتورە کۆرپەیی دەکات کەلەنێوان مامەڵەی سیاسەت و جیهانبینی گروپەکانی نێو کۆمەڵدا خۆی ڕادەکێشێ .

لەم گۆشەنیگایەوە هەندێك پەراوێزی خۆمم هەیە لەمەڕ ئەو ڕایانەی مەلا کرێکار ، بەڵام من نامەوێت لەسەر حسابی ئیسلامیسێتك خۆم بکەم بەمۆدێرن و دیموکراتخواز و سیکولاریست بەڵکو دەمەوێت تێبینیەکانم بەدیووی ئەودیوودا بشکێنمەوە کەئەویش گەمەی جێگۆڕکێکی تراژیدی ئیسلامی وعەلمانیە لەنێو کلتووری سیاسی ئێمەدا، کە لەپشت ئەو سەراحەتەی کرێکارەوە ئەو گەمەیە شێوەکانی خۆی دیاریدەکات .

لەو چاوپێکەوتنەدا کرێکار لەنێو بازنەی قەیرانێکدا هەڵدەسوڕا کەلەخودی خۆیدا فینۆمێنکی بەشێك دیاری نێوەندە سیاسیەکەی پێچەوانە دەکردەوە، لەو دیوو گفتووگۆکە ئەو دیاردەیە خۆی شێوەباز دەکا و جەوهەری شێرداوەی خۆی ڕووتدەکاتەوە. کرێکار کە سومبۆلێکی سەربازی و جیهادیە و لەهەمانکاتیشدا ڕۆح زیندەگی گروپە ئیسلامیەکانی کوردستانە نەك تەنها بەڕوونی بەڵکو بە دژایەتیەوە لاوازی ئەو ناجیهانبینیەی خستەسەر مێزی زۆرانبازی کە نیوەندی سیاسی کوردی پێوەی دەناڵێنێ ، لە لێدوانەڕۆژنامەنووسیەکەی مەلادا ئەو لاوازەیە لەزاری ئیسلامیستێکەوە بانگەشە و دژایە تخواز دەکرێ نەك لەلایەن ئەقڵیەتە بەنێو عەلمانیە سیاسیەکان . ئەز لەپشت ئەو لێدوانەوە چەندەها دیاردەی نەخۆشی سەیر دەبینم کەبەسەر ڕووبەری هۆشمەندی کلتووریمان سەر ئاو کەوتوون و لەوونبوونی جەوهەریدا بێئاڕاستە شەپۆل دەیانهێنێت ودەیانبات ، وەك ئەوەی ئێمە لەکلتوورێکدا

خۆمان ببینینەوە ، ڕێکەوت پێکی هێنابێ نەك کەڵەکەبوونی ئەزمون و زمان، کەئەم دووانە دووشتروکتوری گرنگی کلتووری سیاسی و کلتوورن بەماناڤراوانەکەیانەوە.

ئەوەی بەختەوەری کردم ئەوەبوو من دەمێکە گوێم لە ڕای ئاوەها بێپەردە و نێر نەبووە ؟؟، وەك ئەوەی مەلا کرێکار بەجورئەوەتەوە لەو چاوپێکەوتنەدا ئاشکرای کرد و بێپەردە قسەی لەسەر دەکردن، دیارە ئەمە گریان و گەڕانەوە نیە بۆ قاڵبە بەسەرچووەکانی ئایدۆلۆژیا کەوەك تاعون زەمەنێکی زۆر کلتووری ئێمەی سەقەتکردووە، بەڵکو پرسیارەکە لەمەڕ شتروکتوری (جیهانبینی سیاسی و کلتووری )ە کەئەم لەویتر جیادەکاتەوەو بەسەراحەتەوە پێمان دەڵێت ئێوە مامەڵە لەگەڵ مندا دەکەن و منیش ئەوەم و بزانم ئێوە لەزۆرانبازیە چەندتان پێیە.

سەراحەتێك بەداخەوە دەبوایە هێزە بەنێو عەلمانی ومۆدێرنەکان خاوەنی بوونایە نەك ئیسلامیستێکی شەریعەتخوازێکی زەمەنی خەلافەی بەسەرچوو. سەیرە لەپراکتیزە بوونی سیاسەتدا نەك لەئاستی قسەو بەیاناتدا ، موحافزکارو مۆدێرن ، ئیسلامی و عەلمانی کوردی، زۆر تراژیدیانە لەم نێوەندەدا شوێنگۆڕکێ دەکەن بەبێئەوەی کەس لەو سیاسیە پێشکەوتوخوازانە هەست بەو شتروکتورە کۆمیدیخوازە شوێنگۆڕە بکات.

کرێکار بەئاشکرا و بەپاکەتێکی تەواو لە ( جیهانبینی ئیسلامی) ڕوونەوە قسەی دەکرد، بەبێئەوەی نیفاق بەدیبکەم لەقەسەکانیدا، بەبێئەوەی گوێم لەو نیفاقە بێت کەهەندێك لەئیسلامیەکان بەزۆری زۆردارەکی بنەمای دەوڵەتی مۆدێرن وعەلمانی پابەست دەکەن بە ئیسلامەوە، بەبێئەوەی خۆی هیلاکبکات بەو تەڵخبینیەی کەئیسلامیستەکانی دیکە بەنیوەچڵی تەعبیر دەکەن لەخۆیان و دەیانەوێت ئیسلامی سیاسی( تەنها ئیسلامی سیاسی نەك ئیسلامی گەلی و ڕۆحی ) بگونجێنن لەگەڵ کۆمەڵگە وسوستێمی هەولبۆدراوی عەلمانیدا. من سەرسام بووم بەو ڕوونخوازیە لە قسەکانیدا، لەو جیهانبینیەی بێپەردە و بەسەراحەت قسەی پێدەکرد . چەندە من دژی ڕاکانیم دەئەوەندە ڕێز لەو سەراحەتە دەگرم کەبەتەواوی هێزی خۆیەوە دەڵێت نەخێر ئەمە پاکەتی ئیسلامە، ئەمە جۆری ڕێکەوتنامەکانمە ، ئەمە ڕای منە بەرامبەر بەو حزبەی کەدوێنێ لەگەڵیدا دانیشتووم و خەریکی پەیمانە مۆرکردنین لەسەر ئاستێك لەئاستەکان. من سەرسام بووم چونکە بەڕاستی حەزمدەکرد فیگورێکی ئاوەهای سیاسی عەلمانیمیشم بدیبایە بەسەراحەت بلێت بەڵێ ئێمە لەگەڵ سین یان ساد پەیمان نامەمان مۆرکردووە بەلام ئەمەش پرنسیبی ئێمەیە، ئەمەش جیهانبینیمانە، نەك جیهانبینیەکان بەپێی تەحالوفاتەکان قلپ ببنەوە هەروەکو ئەوەی کلتووری سیاسەت پێکهاتبێت لەو یاریە سادەیەی قلبوونەوەی بیست و چوار کاتژمێری جیهانبینیەکان . هەروەك ئەوەی دیسانەوە عەلمانی و ئیسلامیست لەم نێوەندەدا لە بازنەی کۆمیدیایەکی ڕەشدا جێگۆڕکێبکەن،ئاوەها ئیسلامیست خاوەنی جیهانبینیەکی ڕوون و ئاشکرایە و عەلمانیش لەنێو میتافیزیقاو ڕۆحانیەتی تەمومژاوی ڕا و بۆچوون و نابینایی مامەڵەیدا ونبووە.

من دەزانم ڕۆشنبیری سیاسەتخوازی تەقلیدی ئێمە بەم قسانە قەڵس دەبێت و هەوڵدەدات مەبەستەکان (وەك پیشەی خۆی) هەڵگێڕێتەوە و من بەوە تاونبار دەکرێم کە بێئەوەی بەخۆم بزانم لەبەرەی کرێکاردام، من دەزانم ئەو ئەقلیەتە ئاوەها لەم گوتارە تێدەگات. من دەزانم ئەو فیگورە نەخۆشەی

بەنێوی (ڕۆشنبیر)ەوە کاردەکات وەك خۆی دەیەوێت لەشتەکان تێبگات نەك وەك ئەوەی کە نوسراوەو باسی لێوەدەکرێ ؟؟.

ئەم پرنسیبە سانایە لەتێگەیشتنی شتەکان وەك خۆی و دوور لەخۆگێلکردن ومەبەستگەرایی تەسك، ئیسلامیستێکی وەك کرێکار تێیدەگات و پەیرەوەشی دەکات لەژیانی سیاسیدا و دەشزانێ باش لەوی بەرامبەر تێبگات بەهەموو شێوەکارکردنیەوە بەلام بەنێو عەلمانیەك لەئاستی لێپسراوێتی سیاسیدایە ئەوەندە لەئیسلامیستێك تێدەگات کەخۆی تەسەوری دەکات، نەك چۆن وەك واقع بوونی هەیە. ئەمەش بۆ گاڵتە ناودەنێم ( ڕەهەندی میتافیزقی ساختەی سیاسیەتی عەلمانی کوردی)، چونکە ئەو عەلمانیە میتافیزیکیە لەقەبارە و دووری دیاردەکان وەك خۆی و بوونی لەلەسەر زەوی واقع تێناگات ، ئەوە تێدەگات کەخۆی لەڕۆحی نەخۆشیدا دەیبینێت نەك ئەوەی لەبەرپێیدا خۆیدا ڕاکێشاوە. ئەو تێناگات تاوەکو سەری دەیدات لەو واقعە ، ئەوساتەش تێگەیشتن (تێگەیشتنێکی درەنگ وەختە)، تێگەیشتنی درەنگ وەختیش جەبری قەیرانی شتێکە کەنێوی کلتوورێکە بۆ سیاسەت، ئاماژەی وونبوونی شێمایەکی سیاسیانە بۆ جیهان.

بەداخەوە بەپێچەوانەی سیاسیە عەلمانیەکانەوە ( دیارە زیاتر ڕووی دەمم لەوانە بەحوکمی دەسەلات و ئەکتیڤیەتی مامەڵە و کاریگەری هەنووکەییان لەنێوەندی سیاسیدا) کرێکار هەستی بەو پارادۆکسە وناماقوڵی و جەهلەی علیمانیە سیاسەکان کردووە هەربۆیە دوای ئەوەی دائەنیشێت لەگەڵ حزبە بەنێو دیموکراسی و عەلمانی وسۆسیال داش دیموکراسەکاندا و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، لەکاتێکدا ئەو حزبانە تەپڵی بەختەوەری بۆ ئەو ڕێکەوتنامەیە لێدەدەن ، کرێکار زەیف و پووچێتی ئەو تەپڵ لێدانە ئاشکرادەکات و دەڵێت کامە/ دیموکراسی و کامە ڕێکەوتنێك ئێوە پێدەچێ ئێمە نەناسن ؟؟.

بەڵێ بەڕێزان ئەو دەڵێت : ئەوە منم بەڕووتی خۆم دەخەمە بەر خۆر بۆ ئەوەی بمبینین ؟؟، هەروەك ئەوەی بیەوێت بلێت یان خۆتان گێل دەکەن، یان زۆر جاهیلن کەمنتان بۆ پێناسەناکرێ ، یاوەکو پێدەچێ مەوقعی خۆتان بۆ پێناسە نەکرێ؟؟، ئەو بەئاشکرا دەڵێت ئەوە منم دژە دیموکراسی و دژە عەلمانیم و ئەمەش بیروڕا و ئەو پرنسیبانەیە کەلەپشت ڕێکەوتنەکانمەوەیە لەگەڵتان. هەروەك ئەوەی بلێت ڕاستە من لەڕووی سەربازی و شانسەکانیشدا لەم زەمەنە سیاسیەی ئێستادا ئەوەندە زەبەلاح نیم بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بزانن کەمن سەرەڕای ئەو هەموو قەیرانە، خۆم بۆ هەمووان ڕووتدەکەمەوەو بەئاشکرا پێتان دەڵێم ئێوە کێن و منیش کێم ..

بەڕاستی من سەرسام بووم بەوەی کە ئەم ئاشکرا کردنە لەزاری سەرکردەیەکی سیاسی وەك مەلا کرێکارە وە ڕابگەیەنرێ وەك لەوەی کاری ئەو ڕوونکردنەوەیە بۆ ڕۆژنامەکانی جێبهێڵێت گەر زیانی هەشبێت ئەوا وەکو سیاسیەکانی نێوەندەکە تاوانی ئەو سەراحەتە بەپشتی ڕۆژنامەنووس و کادێرەکانی خۆی دەسرێت ، نەخێر کرێکار ئەوەی نەکردووە بەڵکو خۆی بێپەردە دەدوێ و بەتراژیدترین ڕەخنە ئیعلانی زەیفی ئەو دیموکراسیە دەکات ،کەڕەخنەی ئیسلامیستێکە لە بنەماکانی دیموکراسی کوردی . بەهەمان شێوەش زەیفی ئەو عەلمانیەتە ئاشکرا دەکات کەبۆ جەماوەور گردکردنەوە و بەرەخوازی حزبی خۆی لەژێر تیتڵەکانی عەلمانیەتدا پاڵخستووە و نیوەڕۆ خەو دەکات.

وەك عادەتیە حزبە بەنێو عەلمانیەكانی ئێمە كاتێك عەلمانین كە پێویستیان بە عەلمانیەتە، یان بۆ مانەوەی دەسەلاتە لەرزۆك وهەمیشە لەقیوەكانیانە، یاخود بۆ خواردەكردەی جەماوەری لایەنگریان ئەو عەلمانیەتە دەكەن بەتیتلٚ. دەنا وەكی دی لەنێو چەكمەجەی ئیعلامیە حزبیەكاندا مۆدێرنە و چەمكەكانی دیكەی كەرۆژانە بەلێشاو و بەفەردە هەڵدەرژێنە نێو گوتارۆچكەكانی رۆژنامەكانیان ،جگە لەچەمكی بیرلێنەكراوەی تۆزلێنیشتوو نەبێت لەبۆشاییەكی نابینادا سەما دەكەن ، هیچی دیكە نیە. ئەو ئیسلامیستە دواكەوتووە زەیفی ئەو جۆرە عەلمانیەی لائاشكرایە بۆ یە بێپەردەو بەسەراحەتەوە راست و چەو ت بەهەموویاندا دێنێ ، ئەو ئیسلامیستە دەزانێ لەهیچ كاتێكدا لە رێكەوتنامەكانی بەنێو عیلمانیەكانی ئێمە هەست بە كاراكتەری علمانیەت ناكرێت، هەربۆیە لەو رایەی ناترسێ كەدژایەتی دیموكراسی پێدەكات ، چونكە دەزانێ ئەو دیموكراسیە ئەوەندە لاوازو ناعەلمانی و ناپێناسیە كەخەڵكی هۆشمەندی دەرەوەی ئەم زەیفە تووشی سەرسورمان نابن كاتێك وەزیری دادێك سوڵحی عەشایری پێباشتر بێت وەك لەچەسپاندنی یاسا،چونكە لەبنچینەوە چەمكی یاسا لای وەزیرێك پێناسەی عەمەلی نەبووە، ئیدی لەم هاوكێشەیەدا دژایەتی كردنی دیموكراسیەتێكی عەشایری ئاوەها هێزێكی میتافیزیقی وسیحرێك بۆ خۆی قۆرخدەكات، خۆ گەر زیاتر كرێكار قسان بكات ئەوا تەئكید بن بەراوردێك دەكا لەنێوان دیموكراسی ئێستای عەلمانیەتی كوردی و شەریعەتی ئیسلامیسیزمدا، بێگومان پرۆژەی ئیسلامیزم لەم بەراوردەدا هێزی قەناعەت بۆ خۆی دەپچرێ ، ئەمەش یاریەكی دیكەی حەقیقەت و ساختەیە كۆمیدیانە، لەم هاوكێشەیەدا شوێنی یەكتری دەگۆرن .

لایەنێكی دیكەی ئەم قەیرانە لەنێو كلتووری سیاسماندا ئەوەیە ، كەلەگەڵ رێكەوتن لەگەڵ ئەم لایەنە موحافزاكار و ئیسلامیە دەبێت سەرجەم دەزگا ئیعلامیە بەنێو عیلمانیەكان بەبیانوی تاكیك و ستراتیژی كورتخایەن ئاگادرا بن لەبلاوكردنەوەی شتێك هەستیاری ئیسلامیستێك نەهاروژێنێ بەمەرجێ ئەوی بەرامبەر نەك چاوپۆشین ولێبوردنی ئاوەها ساختە پەیرەو ناكات بەڵكو سەرەرای ئەوەی لەگەڵ تۆدا لەحكومەتێك و بەرەیەكدایە و لەسەر حسابی رێكەوتنێكی هاوبەش دەژی لەگەڵتدا ، بەئاشكرا دەڵێت من رێكەوتووم بەلام ئەمە مانای ئەوەنیە من وەكو تۆبم ، من جیاوازم بەلام یاری سیاسەت و بەرژەوەندنی لەچوارچێوەی رێكەوتنامەیەكدا یەكیگرتوینەتەوە .

كۆمیدیای ئەم (كلتوورە سیاسیە) لەوەدایە، كە ئەمە میتۆدێكی زۆر مۆدێرنانەی ئیسلامیستێكە، كەهێڵی جوداكار لەنێوان خۆی ئەویتردا دەكێشێت بەبێئەوەی سنوورەكانی ئەو زۆرانبازیە تێكبدات، بەمەرجێ ئەوی دیكەی بەنێو عەلمانی یان جاهیلانە پەلاماری ئیسلامیستەكە دەدات و هەموو هێڵەكانی گفتوگۆیەك دەپسێنێ لەگەڵیدا ، یاوەكو كەرێكەوتنامەیان لەگەڵدا مۆر دەكات بەتەواوەتی خاسیەتی پێشینەی خۆی ووندەكات و هەوڵدەدات دەزگاكانی لەمزگەوتی ئیسلامیەكان بچێت ؟؟. خۆی وەك ئەوان هەستیار دەبێت بەرامبەر رەخنەگرتن لەئیسلامی سیاسی و موراعاتی ئاوەها دەكات كەئیسلامیەكان خۆیان نایكەن ، بۆ نمونە پێش چەند ساڵێك گوتارێكی سەلمان رۆشدیم دەربارەی ئەدەب و بەرگری لەعەرەبی و ئەڵەمانیەوە لەرۆمانەكەی نارد بۆ گۆڤارێك ، كەسەلمان رۆشدی بەرگری لەئیسلام دەكات وەك بەهایەكی رۆحی و ئەو ناتێگەیشتنە روندەكاتەوە كەبوعدی سیاسیانە رۆمانەكەی ئەوی

شێـواندووه ، دوای ساڵ ونیوێك بڵاوكرایەوه، وابزانم ئێران لەسەر ئەو گوتـارەی من پەلاماری سلێمـانی نەداو هیچیش روونەدا..

مـن نـازانم ئـەم بەنێـو عەلمانـیـانە ئاوەهـا لەسیاسەت تێگەیشتوون، یاوەكو لەوانەیە هەست نەكەن كەكلتوورێـك هەیە سیاسەت لەخۆدەگرێ ، ئەو كلتووره سیاسیە ئیسلامیستێكی وەك كرێكار بەو كاریزما ترسناكە دواكەوتوویەوه دەیزانێ و تێگەیشتووه لێی و كاری پێدەكات ، بەڵام بەنێو عەلمانیەكی سیاسی یـاخود رۆژنامەنووسێكی حزبی عەلمانیش نەك هەر دەركی پێناكات بەڵكو زۆر گێلانە و بێئەوەی بەخۆی بزانێ بەعەمەلی جێگۆڕكێ دەكات و دەچێتە خانەی ئیسلامیستێكەوه و بەمیتۆدێكی زۆر دواكەوتووانە و تەڵخبیـنـدا مامەڵـە لەگـەڵ دنـیـادا دەكــات. ئـەم گەمـەی جێگۆڕكێـیە تراژیدوكۆمیدیترین پرۆسێسە لەكلتووری سیاسی ئێمەدا ئە نجامدەدرێت.

بەدیوێكی دیكەدا كرێكار دەربارەی ژیانی سیاسی وكۆمەڵ نەك تەنها ئایدۆلۆژیستێكی ئاینیـە، بەڵكو وات لێـدەكات سەرسام بیت بەو ئازایەتیەی لەڕادەربڕێندا بەخۆی دەبەخشێ، وەك ئەوەی بڵێت رۆشنبیر وسیاسـی كـورد ئـەوه مـنم كـەبڕوام بەمۆدێـرنە و دیموكراسی نیە سەربەستم لەبیركردنەوه و خاوەنی جیهانبـینی خۆمم، خۆم بەڕووتی و بێترس ڕاكانی خۆم دەردەبڕم بابزانم دیموكراسیەكەی تۆ چەندی لەبارادایـە ؟؟. مـن سەرسـام بووم بەو بەڕاشكاویەی كەئەو ئاوەها باس لە بیروڕاكانی خۆی بكات و هێـڵە سیاسـی و سـتراتیژیەكانی خـۆی بـەڕوونی و پرۆگرامــــیزەكراو بخاتــە روو ،.. ئەوه شتێكە كەئـەوانی دیكـەی بەنێـو لیـبرال و سۆسـیال داش دیموكـرات ونـیـان كـردووه و لەكۆشـی كاریزمایی ئیسلامیستێكی وەك مەلاكرێكاردا خۆی دۆزیوەتەوه. ئەمەش كۆمیدیایەكی دیكەی نێوەندە سیاسیەكەمانە كە دوور لەكلتووری سیاسی كۆڕالی خۆی ئاوازه دەكات..

لەلایـەك مـن سەرسـام بـووم بەو ئازایەتیە كە ئیسلامیستێك هەیەتی و لەلایەكی دیكەش لە قوڵایی رۆحمـەوه غەمباربووم بەو نێوەندەی كەتێدا ئیسلامیستەكان روونتر بەرپێی خۆیان لە زۆرانبازیەكاندا دەبیـنین وەك لـە نێوەندێـك كە پڕێتی لەحزبی بەنێو دیموكراتی وسیاسی وعەلمانی و كۆمەنیستی كە هەرگـیز دوو هێـڵی سیاسـی روونـت لـەبارەی كێشـە سـاناكانی نێـو كۆمەڵـیان بـۆ روون نابێـتەوەو لەتەڵخبینـیدا نـەك تـەنها نـاتوانن وەسفی كێشەكان بكەن بەڵكو زمانێكی كوردی سەقەتی سیاسیش بەرهـەم دێـنن كـە نەك كوردیەكی عەلمانی ومۆدێرن نیە بەڵكو بازاڕگەلیش نیە. نێوەندێك لەكلتووری ئەحـزاب كەلەشـەڕی كلـتووری حیزبی وسیاسیشدا ئەوەندە لاواز و بێجیهانبینیە پێناسەكانی ئەوەندە لاوازه هێز دەبەخشێ بە مەلاكرێكار بەكراوەییەوه بڵێت/ بەڵێ دیموكراتی دژی ئێمەیەو لەگۆشە نیگای خۆیـەوه ئارگومێـنتی بەهێـزی بۆ بێنێتەوه .. ئەمە كارەساتێكی ترە لەتەنیشت كارەساتەكانی دیكە ،كەنـەك تـەنها سیاسـیەتی قوناغێـك دەخاتە مەترسیەوه بەڵـكو سەرجەم پرسیاری كلتووری سیاسی دواڕۆژیش دەخاتە ژێر پرسیارەوه.

دیـاره ئاسـانە هەموومان ئیدانەی مەلاكرێكار بكەین و بڵێین تۆ دژە دیموكراسی و ئێمەلایەنگری مافی مرۆڤ و دیموكراسین و بەمەش واهەست بكەین ئیدی ئێمە لە پاڵ بەرەی مۆدێرنە وعەلمانیداین و خاوەنی ئارگومێـنتی خۆمانین ، ئەوه رێگە ئاسانەكەیە لاوازی جیهانبینی بۆ دیموكراسی لە پشتیەوه وەستاوه،

ئـەوەی مەلا كریكار بەئازایانەوە دژە دیموكراسی دەوەستێ ئەو تێگەیشتنە ڕوونەیە لەدیدی خۆیەوە بۆ دیموكراسـی و ئـەو ئەڵتەرناتـیفە داڕیـژراوەیە کـەوەك پرنسـیبی بیرکـردنەوەی خۆی بەئاشکرا وەك کاریـزمایەکی زیـندەڕۆحی بـۆ گـروپە ئیسـلامیەکان لەڕیگەی هەفتەنامەیەکی لیبرال و ڕەخنەگرانەوە مانیفێستیزەی دەکات .

مـن دوای خوێـندنەوەی ئـەو چاوپێـکەوتنە لەگـەڵ خۆمـدا گـووتم ئـەم پـیاوە دەزانێ چیدەکات .. بە پێچـەوانەی ئەوەش لەسەر ئاستەکانی دیکەی سیاسی کوردا کەبەشێکیان بەنێو لیبرال و دیموکراس و یاسـاخواز و عـەلمانین چاوپێکەوتنیانم گوێلێبوە یان خوێندۆتەوە، هەمووو جارێك هەستم کردووە کە ئـەم بەنێو عەلمانیانە وونترین مرۆڤی نێو ئەو چەمکانەن کەخۆیان بەتەواوەتی پێناسەیان نەکردووە، وونترین پیاوی یاساو حکومەت و لێپسراوێتی سیاسین.

بە پێچـەوانەی ئەوە، کریکار بەجودا لەئیسلامیستەکانی دیکەی گۆرەپانەکە، هەستم دەکرد کەدەڵێ من بـڕوام بەدیموکراسی نیە لە پشتیەوە جیهانبینیەکی ڕوون و ستراتیژێکی دوور و پێناسەیەك وەستاوە، هەرچـەندە ئێـمە دژی ئـەو جیهانبینیـەبین کەئـەو خۆی لێوەی بینادەکا ،بەلام مانای ئەوە نیە ئەو حەقـیقەتە ئاشـکرایە نەبیـنین کەلەبەرانـبەر ئـەو جیهانبینیـیە ئیسلامیە دژێك هەیە بەنێو عەلمانی سیاسـی کـوردی دژایـەتی ئیسلامیسـت دەکـات کـەخۆی و چەمکەکانی خۆی بۆ پێناسە نەکراوە ، جگە لەکۆمەڵێ چەمکی وەك عەلمانی و دیموکراسی و مۆدێرنە و بۆ خوێی چێشت باس لە عەولەمەش دەکەن ، بـەم چـەمکە ناپێناسـەیانەوە ،دەبنە فیگورێکی کاریزمای دیکە و دەچنە پاڵ فیگورەکانی دیکەی نێو نێـوەندی سیاسـی کـوردی کەجگە لەقەیرانی بێـنـموزەجی سیاسی و وونبوونی شێمای سیایانە نەبێت، هـیچ پەراوێزێـك نیە بۆ ئەوەی ئیسلامیستێك ئاوەها مانیفێستەی دژە دیموکراسی ئەو هێزەی هەبێت . هـەر وەك ئـەوەی ئەوان دیکەی لەو نێوەندەدان جگە لە داهۆڵێکی بێمانا هیچی دیکە نەبن. بەداخەوە ئـەو پـیاوە دەزانـێ لەگـەڵ کێـدا مامەڵـە دەکـات، ئەگینا سەیرە ئەم قسانەی کاتێك کردلەگەرمەی ڕێکەوتنێکی سەربازی و سیاسی بوو لەگەڵ حزبێکی بەنێو عەلمانیدا؟؟

ئـەو هێـزە لەکوێـدایە کەئـەو ئاوەها بێپەردە قسەبکات؟؟، من پێم وایە لەبەشێکدا ئەو هێزە هێزی وونبوونی شێمایەکی سیاسیە لەبەرامبەر جیهانبیەکی ئیسلامیستی بۆجیهان، لەبەشێکی دیکەدا کێشەی کاریـزما میلیشـایە بیروکراسـیەکانی کوردیشـە کە ئەوانیش تەنها بۆ پاراستنی کاریزمای سیاسانەی (کلتورخێـڵەکی ) خۆیـان ، خۆیـان بەچـەمکە پێناسـەنەکراوەکانی عـەلمانی و دیموکراسی و مۆدێرنە هەڵواسـیوە و لـەو زۆانـبازیەدا مەوقـیع و دووریەکانی ئەو زۆرانبازیە و تەنانەت خۆشیان بۆ پێناسە ناکرێ . ئەوەی هێزی سەراحەت دەدا بەئیسلامیستێکی وەك کریکار دژە دیموکراسیەت بکات بەدۆزێك وهیپۆتێزێـك و کـاری لەسـەر بکـات و مانیفێسـتیزەی بکـات لەڕێـگەی ڕۆژنامەیـەك( هـاولاتی) کەبەرهەمێـکی مۆدێـرنەیە ، ئـەو بوعـدە اەمزەیەیە کەئیسلامیەکان لەمێتۆدی کارکدنیاندا موراعاتی دەکـەن، هـاولاتی کە پێـم وایـە تـاوەکو ئێسـتا ئـەم ڕۆژنامەیە جیدیترین هەفتەنامەیە لەماوەی دە دوازدەسـاڵدا بینێـبتم، میتۆدێکە لای کریکار، بوعدێکی ڕەمزی خۆی هەیە کەکاری لەسەر دەکات ، وەك میتۆدێکی مۆدێرنە بۆ دژایەتی کردنی دنیای سکولاریستی تازە گەشەکردووی کوردی، زیاتر مەبەستەکەم ڕووندەکەمـەوە و دەڵێـم ئـەو میـتۆدە (مۆدێـرن)ە ئیسلامیسـتیەکانی ئێسـتا بە هۆشمەندیەوە وەك

میتۆدێك بەكاری دێنن بۆ گەڕانەوە بۆ قۆناغی پێش مۆدێرنە، هاوكێشەیەك كلێشە بەند دەكەن كە پێكهاتووە لەوەی دەڵێت لەمۆدێرنە باش تێبگە بۆ ئەوەی بتوانین تێكیبشكێنیت، ئەمە لایەنێكی ڕەمزی ئەو لێدوانەو لە پشت ئەو چاوپێكەوتنەوە خۆی مەڵاسداوە،بەوەی هەمان فیگور و میتۆدی (موحەمەدعەتا) و گروپەئسلامیەكەی كارەساتی نیۆركی بیرهێنامەوە، كەخۆیان فیگورێكی مرۆیی مۆدێرن بوون و بەهەمان میتۆدی مۆدێرنە ئەو دوو هەورڕووشەی نێوەندی بازرگانیان بەفڕۆكە ڕووخاند كەبەرهەمی زانستی مۆدێرنەیە.

ئەوان كارەكەیان میتۆدێكی مۆدێرنەیان بەكار هێنا بەڵام بۆ ڕووخاندنی ڕەمزەكانی دوژمن بوو ، ڕووخاندنی پەرستگاكانی ڕۆژئاوا بوو ،تەنانەت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو بوعدە ڕەمزیە ڕادەكێشم لەهەڵبژاردنی ڕۆژی تەقاندنەوەكە، یازدەی سێپتەمبەر، ئەم ژمارە یازدەیە چ بەلاتینی وچ بەژمارەی عەربی ڕەمزی بورجەكانن، كەلەدوای تەقینەوەكە دوو گریمانە لەبەردەمدایە، یەكەم / گەر ئەم دوو بالاخانە مۆدێرنە چەند قاتێكی بڕوخایە، بەڵام لەڕۆژی یازدەی سە پتێمبەر، دووبورجەكەش كەلەیازدەی سێپتەمبەردا تووشی كارەسات و زیانی ڕۆحی دەبێت ئۆتۆماتیكی لەیادەوەری خەڵكدا دووبورج و دوو هێڵی شاقوڵی ژمارە یازدە دەبنە ڕەمز بۆ ئەو كارە، ئەو بوعدە ڕەمزیە لای موحەد عەتای قوتابی زانكۆی هامبۆرگ ئاشكرابوو ، مانەوەی بورجەكان مانای مانەوەی ژمارە یازدەیە كە ڕەمزێكە لای كافران ترس و تۆقین دەخاتە دڵیانەوە و لای موسوڵمانینش جیهاد و تۆڵە.

دووەم/ گەر ئەم دوو بورجە بڕوخێت كەئەمەش لای ئەوان چاوەاوانكراو نەبوو بەڵام گریمانە بوو، ئەوان دەیانزانی كەهەڵبژاردنی ئەو ڕۆژە بەتایبەت یازدەی سێپتمبەر و لێدانی دووبورج كەلەبیناسازیدا لەژمارە یازدە دەچن ، دوای ڕوخان و لەناوچوونی كێشەیەكی گەورە لەیادەوەری كۆمەكی و بیركردنەوەی ئاینی و سیاسی ئەمریكایەكاندا بەرپا دەكات، بیناكردنەوەی وەك شێوەی پێشوو مانای بیناكردنەوەی دوو بورجە لەشێوەی ژمارە یازدە. بورجەكان پێش كارەساتەكە بوعدی ڕەمزی ژمارەسازی مێژوویان نەبووە، بەقەد ئەوەندەی ڕەمزبوون بۆ زەبەلاحی دەسەڵاتی ئەمریكایی وەك سەرەڕمی دنیای مۆدێرن ( بێگومان ئەمەڕای ئیسلامیستەكانە) ئەوەندە سەرنجی كەسی ڕانەكێشاوە كەئەم بورجە لەتەنیشت یەكەوە لەژمارە یازدە دەچن ، خۆ گەر لەوەش بچن ئەوا جاران هیچ بەهایەكی ڕەمزی لەخۆ نەگرتبوو، بەڵام ئێستا و دوای هێرشی ڕۆژی یازدەی سێپتەمبەر كاریگەریكەی سایكۆلۆژی دەبێت؟؟.

كاركردنی ئیسلامیەكان لەسەر بوعدی ڕەمزی بۆ بڵاوكردنەوەی ترسو تۆقین پابەندە بەچەند سورەتێكی قورئان لەزەمەنی جیهادا.. من پێم وایە ئەم بوعدە ڕەمزیانە لای موحەمەد عەتا بەووریاییەوە كاری لەسەر كردووە، بابێن بەشێك لەو وەسێتنامە و ئامۆژگاریانەی بخوێنینەوە ئینجا دەزانین چۆن ئەم گروپانە كاردەكەن، لەئامۆژگاریەكانی بۆ گروپەكەی كەلە گۆڤاری ئاوێنە Der Spiegelی ئەلەمانیدا بڵاوكرابۆوە، ئەوە ڕوانینیگیرەیە(ÚÇÈØäÃ ) لای مرۆ بینادەبێت، كەئەم پیاوە زۆر وریانە لەسەر جومگە سایكۆلۆژیەتی جەماعە كاری كردووە، موحەمەد عەتا ئامۆژگاری جەماعەتەكەی دەكات كە شەوی پێش كارئەنجامدانیان خۆیان بشۆن، هەرچی توكی زیادەی لەش هەیە بیتاشن و پاك وخاوێن بن، عەتر لەخۆیان بدەن و جلی پاك لەبەر بكەن، تەنانەت ئاگاداری ئەو دوودڵیە مرۆیانەیە كەمرۆڤ لەبەرامبەر مردندا دەكاتە بوونەوەرێكی لاواز و پێیان دەڵێت كاتێك شەو لەترسداخەوتان

لێنەکەوت، لەترسی خۆتان شەرم نەکەن و بەرانبەری خودا بوەستن و ئەو ترسەی لابدرکێنین و نوێژبکەن ، ترس بەئیمان لەناوبەرن، تەنانەت ووردەکاری سەیر باس دەکات بۆ نمونە پێش چوونە بەردەم کۆنترۆڵی فرۆکەخانە، باس لەوە دەکات کەدەبێت گۆرەوویەکان پاك وخاوێن بن، توندوتۆڵ و پانتۆڵ و کراسو قاتت جوان وڕێکوپێك بێت ، بۆ ئەوەی ترس ڕامبکەی قەیتانی پێڵاوەکانت توندببەستە وبا پێڵاوەکانت بۆیاخکراو بن، چونکە مرۆڤی خاوەن نامەی جیهاد لەزەمەنی مۆدێرنە ئەبێت ئاوەها خۆی کاراکتەریزەدەکات..

ئەمانەو زۆری دیکە بوعدی ڕەمزی وسایکۆلۆژی ئیسلامیەکانە کە پێموایە کرێکاریش لەو چاوپێکەوتنەدا دەیەوێت لەڕێگەی ئەو میتۆدەوە ڕەمز و میتۆدی دیکە ببەخشێ بە گروپەکانی دیکەو فێریان بکات لەداهاتوودا چۆن لەڕۆژنامەکاندا تەسریح بدەن.

ئیدی بەڕێزان ، گەڕانەوە و بەخشینی دووریەکی مێژووی ڕەمزی بەکارەکەکانیان ،لای موحەدعەتا و گروپەکەی لەڕێگەی ئەو خەڵکە ئیسلامیستانەی کە تاسەر ئێسقان شارەزای زمانە بێگانەکانن، ئەڵەمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی بە پێرفێکتی دەزانن و ساڵەهایە لەنێو و سوستێمێکی پۆست مۆدێرندا دەژین و هەڵسو کەوت دەکەن ، کارێکی دیکەیە لە ڕوونخوازی جیهانبینی ئاینی خۆیانەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە.

ئەوان بەهوشیاری ئیسلامیتسانەی خۆیانەوە ئەو بوعدە ڕەمزیانە دەبینین و کاری پێدەکەن، هەروەك چۆن لە زەمەنی جیهادا یەکەم پەلامار بۆ سەر سومبولەکان بوو ، ئاوەهاش بەکاربردنی میتۆدی مۆدێرنەی ئەوان بۆ تێکشکانی مۆدێرنە خۆی بەکاردێت. لێرەوە کرێکارێك کەبڕوای بە مۆدێرنە نیە وەك مەلاعومەر یاوەکو سومبولێکی سیاسی ڕۆحی جوندلئیسلام لەو ئامڕازە علمانییانە ڕاناکات ، وەك مەلاکانی دیکەی جوندی ئیسلام ئەو کارە ناکات، بەڵکو ڕێگەدەدات وێنەی بلاوبکەنەوە و لەڕۆژنامەیەکی غەیرە ئیسلامیدا بانگەشەی بیرواکانی خۆی دەکات نەك بۆ قەناعەتپێکردنی عەلمانیەکان بەڵکو بۆ دژایەتی کردنیان و بەهەمان میتۆدیش وەك مانیفیستێك بەدژەکاریەوە خۆی پێناسەدەکات . هەمان بەکارهێنانی میتۆدە کەئێستا ئەو لەو بوعدە مێژوویەی (جیهادی مۆدێرن) درێژپێدەدات ، لەکردنەوەی بەرەی شەڕی تازە بۆ نەوەکانی دوای خۆی وەك شارەزایی وتێندێنز جێیدێڵێ ، ئەوان هەڵگری بوعدێکی مێژووین کە بەنێو عەلمانی سیاسی کوردی لەمامەڵەیدا ئاگای لەو بوعدانە نیەو ئەو بوعدانەشی بۆ پێناسەناکرێ.

ئەوان لەڕێگەی دیموکراسیەوە ئیعلانی نادیموکراسی دەکەن، لەڕێگەی مۆدێرنەوە ئیعلانی شەریعەت و دژە مۆدێرنە دەکەن، نموزەجی شەڕێکی دیکە پێشکەش بەنەوەکانی دیکە دەکەن، چونکەزۆرباش دەزانن کەئەم قۆناغە شەڕی ئەوان لاوازکارە و شانسەکان لەقازانجی ئەواندا نیە،بەلاّم بەو هۆشمەندیە نموزجیەتەوە میتۆدێکی دیکە پێش دەکەن، میتۆدی ئەوەی مۆدێرن ببە بۆ ئەوەی مۆدێرن لەناوبەریت، عەلمانی بە بۆ ئەوەی بنەماکانی ژیانی عەلمانی تێکبشکێنیت، لەچەقی دیموکراسی ڕۆژنامە نووسیدا قسە بکە بۆ ئەوەی دیموکراسی قەدەغە بکەیت.. ئەمەبەشێکی خوێندنەوەی ئەو ڕەمز و ئەکتیڤیەتە ڕەمزیانەیە کەئیسلامیەکان بەکردە یی و بەعەمەلی مومارەسەی دەکەن و ئێمەش چاوپۆش دەکەن لەو وەهمەی بەوەی تەنها لەدژی ئەوان بڵێن ئێمە دیموکراسین و ئەها ئەوان بەدەمی خۆیان دژایەتی

دیموکراسی دەکەن؟؟. ئەوەی لەنێو بەنێو عەلمانی و حزب بەنێو ڕۆشنبیرە سیاسیەکانی ئێمەدا وونەو ئیسلامیەکان دەیبینین و عەلمانیەکان نایبینن ئەوەیە کە ئیسلامیەکان بەعەمەلی مومارەسەی دژە دیموکراسی دەکەن کەگونجاوە لەگەڵ بۆچوونی خۆیاندا بۆ جیهان، عەلمانیەکانیش بە زارەکی و شێوەخوازی و ڕووبەرخواز لەگەڵ دیموکراسین و دەنا لەجەوهەردا زۆر لەگەڵ ئیسلامیەکاندا یەکدەگرنەوە ، کەئەمەش ئیسلامیستەکان دەرکی پێدەکەن و لەمامەڵەو گفتوگۆیاندا ئەقڵیەتی ئەوی بەنێو عەلمانی پێدەخوێننەوەو کاری لەسەر دەکەن.

ئەوەی ئەوان نایبینن و ئیسلامیەکان دەیبینن و هێزی سەراحەتیان پێدەبەخشێ ئەوەیە کەهێزە عەلمانیەکان لەمامەڵەیاندا نەك پێناسەیان نیە بۆ دیموکراتی بەڵکو پڕۆسەیەکی وونی دیموکراسی شکلیش بنەمای گەشەسەندنی نیە لەنێو ئەو هەموو تەحالوفاتەنەی کەئەوان بەدەستی ئەنقەست دەیبەستن لەگەڵیانداو بەدەستی ئەنقەستیش هەڵیدەوەشێننەوە، ئەوان دەزانن کەئەو هێزە بەنێو عەلمانی ودیموکراتیانە لەنێو ناپێناسەی و تەحالوفاتدا برەوە بەنادیموکراسی و ئیفلجی سیاسی خۆیان دەدەن، ئەو پەراوێزەی ئەوان دەیبینن پەراوێزی وونبوونی کلتورێکی سیاسیە کەوونبونی نموزەجی سیاسی باشترین زەمینەی بۆ ئەوان خوڵقاندووە بەسەراحەتەوە دژی دیموکراسی قسەبکەن، چونکە دەزانن چەندە ئەوانەی لەگەڵ دیموکراسیدا بەچەندایەتی زۆربن ، ئەوا بەم شێوەکارکردنەی بەنێو عەلمانیەکان کاریگەی ئەوتۆی نیە بەقەد هێندەی ئەو کەمە ئیسلامیستەدژە دیموکراسیە ئەکتیڤ و کاریگەر نابن ، سەرنجی خوێنەر بۆئەوە ڕادەکێشم کەجوندو لئیسلام وچەند گروپەکەی لەڕووی دەرکەوتن تەمەنیان زۆر کورتە کەچی لە قورسایی سیاسیدا خەریکە خۆیان دەدەن لەقەرەی بزووتنەوەی ئیسلامی کەچەندەها ساڵە لەنێوەندە سیاسیەکەدا کاردەکات. ئەمان پەنجەیان خستۆتە سەر برینەکەو لەنێویدا سەما دەکەن، بریندارەکەش ئەوەندە گێلە کەنەك نازانێ برینەکەی لەکوێیە بەڵکو نازانێ چۆنیش وەسفی ئازاری برینەکەی بکات، ئەمە ئەو کۆمیدیا سەیرەیە کەدەمووچاوی کلتووری سیاسی ئێستاکێی کوردیمان دیاریدەکات...

ئیسماعیل حەمەئەمین
بەروار 14. April 2002
نورنبێرگ – ئەڵمانیا